# ئاراستەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاڵۆزو نادیاردا!

عوسمان حاجی مارف

لێکترازانی پەیوەندی زیاتری لایەنە سیاسیەکان تائاستی گەیشتن بەپێکدادان و بارگرژی توندتر لە نێوانیاندا، مەسەلەیەکی جددیە کە لەئێستای دۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا دەبینرێت. نەتوانینی پێکهێنانی حکومەت لەبەغدا، نادیاری ڕێکەوتن لەسەر هەڵبژاردن لە هەرێم، ئەو واقعە نالەبارەیە، کە هێزە سیاسیە میلیشیاکانی خستۆتە ناو گێژاوو قەیرانێکی وەها قوڵەوە، ئومێدی ڕێککەوتنی نێوانیانی خستۆتە ژێر پێ و چارەنوسێکی نەبینراوەوە، کە ڕاشکاوانە فەزایەکی پڕئاڵۆزی و سەرگەردان و دڵەڕاوکێیان فەراهەمهێناوە.
بەدوای چەندین ساڵ لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنەی نێوان هێزی میلیشیای ئیسلامی و تائفی و قەومپەرستیەوە، بە دەستبردنی بەردەوامیان بۆ بە تاڵانبردن و دابەشکردنی تەواوی سەروەت و سامانی سەر زەمینی و ژێرزەمینی عێراق و کوردستان لە نێوان خۆیاندا، لە ئاکامدا جۆرێک لە بنبەست و قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی و نەتوانینی ڕاگرتنی پێگەوئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان لە ئایندەدا بەرەوڕووبۆتەوە، تا ئەو ئاستەی هێزە شیعیەکان زیاتر لێکترازان و پەرشوبڵاوی و پارچەپارچەبوونیان پێوەدیارە. لەنێوان نەخشەو سیاسەت و بەرژەوەندەیەکانی ئەمریکاو ئێراندا لەنگەریان گرتووەو چاوەڕوانی پێشهاتێکن لە ڕێکەوتن یان چڕبوونەوەی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێراندا. دڵەڕاوکێیەک لە ئاستێکی بەریندا لەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا دەنگدانەوەی هەیە، پێشبینی پێکداداان و شەڕی نێوانیان بەدوور نازانرێت.
ئەم هەلومەرجە زادەی واقعیەتی پرۆسەی پاشەکشەو شکستی ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. لەهەمان کاتدا مەسەلەیەک، کە زۆر ڕۆشن و بەرچاوە، لەلایەک تەواوی ئەو هێزە سیاسیانەی چارەنوسی عێراق و کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی باڵادەستی هێزە میلیشیاکانیانەوە، و پێکهاتەیەکن لەو هێزانەی بەدوای هەردوو جەنگی کەنداودا، بەدوای کۆکردنەوەی پاشماوەی کارەساتەکانی ئەوجەنگانەوە بوون، هەر بەو ڕێگەیە لەناو چوارچێوەی ڕەوتی تاڵانی و گەندەڵی و قۆرخکردنی سەروەت و ساماندا، کۆمەڵگایان بەڕێوەبردووەو لەقاڵبداوە. لەلایەکی ترەوە تەواو ملکەچ و پێشخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەبوون وەک تورکیا و ئێران، کە گەورەترین ڕۆلیان بینیوە لە بێئیرادەکرن و شکۆشکاندن و گۆشەگیرکردنی دەوری خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، بە سەپاندنی دەستەوتاقمی مافیاو تاڵانچی و میلیشیای ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستی، تا ئەو خەڵکە نەتوانن دەوری بەرجەستەیان هەبێت لە دەخالەتی ڕاستەوخۆ بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دابینکرنی دەسەڵاتی خەڵک. بۆئەوەی فراوانترین زەمینە پەرەخسێنن لە دەستپێشخەری و داهێنان لە گەندەلی و تاڵانچێتیدا. ئەمەش نمونەی ئاکامی ئەو دەخالەتەیە، کە دەوڵەتی ئەمریکا و هەر وڵاتێکی ئیمپریالیستی باڵادەستی بەسەر دانیشتوانەکەیدا لە هەر وڵاتێکدا دەیسەپێنێت.
بەدوای جەنگی کەنداوی یەکەم، عێراق و کوردستان بوونە نمونەی یەکێک لەو ناوچانەی پاش داڕمانی باری ئابوریان،لەبەردەم گەورەترین گێژاوو ناجێگیری سیاسی سەرگەردانیدا خۆیان بینییەوە. بەدوای جەنگی کەنداوی دووەم و ڕوخانی حکومەتی بەعس، ئەم ناجێگیری و گێژاوە سیاسیە لە ئاستێکی باڵای وەهادا بەردەوامی بەو پڕۆسەیە دا، کە مایەی خولقاندنی چەندین کارەسات و سیناریۆی دژە ئینسانی و دڵتەزین بوو. لەهەمانکاتدا بەردەوامی ئەم پرۆسەیە تائەو ڕادەیە کە ئەو نائارامیەی کێشایە ناو دۆخێکی تایبەت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. هەمان

سەرگەردانی و بێدەرەتانی و زۆرترین کارەساتی نائینسانی بووە ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکە. لەلایەکی ترەوە ناوچەکە بووە مەیدانی شەڕو کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی جیهان و دەخالەتی زیاتری تورکیاو ئێران و هەروەکو بووە بەرهەمهێنەری چەندین گروپی تیرۆریستی و شەڕی نێوان هێزە میلیشیاکان. بەگشتی چەندین ساڵە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەبەردەم ئابلۆقەی کابوسی نائارامی و ناجێگیری سیاسیدا قەتیس ماون و ڕۆشنایی تێدا بەدی ناکرێت. ئەم دۆخە لە ئاستێکدایە، کە لەهەمانکاتدا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر جموجوڵەکانی سەرمایە و سەرمایەگوزاری. جگە لە بازرگانی و قاچاخچێتی نەوت و بازرگانی بەرهەمی بەسەرچوو، ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاریش زۆر سەخت کردوە.
لە ڕاستای ئەم هەلومەرجەداو بەتایبەتی بەدوای پاشەکشەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و هەڵگیرسانی شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا و کێشەی چین و ئەمریکا لەسەر تایوان و لاوازبوونی دەوری ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەرمایەگوزاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو پاراستنی سەرمایەکانیان، ئاراستەو نەخشەیەک دێتە پێشەوە، کە بەردەوامی ئەم دۆخە ناجێگیرە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی بە قازانجی ڕۆژئاوا و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی جیهان مانایەکی نەماوەو پێویستە ئاڵوگۆری بەسەردابێت. بۆیە هەوڵ و ڕێگەیەک پێشبینی دەکرێت، کەبۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دابین بکرێت. ئەم ئاڕاستەیە هەوڵێکە ئیمکانی سایەکردنی هەیە بۆ ڕێکەوتنی لایەنەکانی دەخیل لە ناوچەکەدا، وەک ئەمریکا و ڕوسیا و چین و ئەوروپا و تورکیا و ئێران. بەجیا لە بەدەست هێنانی هەر بەرژەوەنیەکی تر کە لە جوڵەو کێشمەکێشی نێوان وڵاتەکاندا رەنگ ئەداتەوە، بەڵام سەردانی بایدن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆتین بۆ ئێران، دانوسان و گفتوگۆی ئەمریکاو ئێران و تورکیا هتد. هەر لەو ڕاستایەدا، کە دەخوازێ ئارایشێکی تر بە ناوچەکە بدەن و لە هەوڵی ئەوەدان ئارامی و ئەمنیەت بۆ ناوچەکە بەدەست بهێننەوە. ئەم ویست و ئاراستەیە هەوڵێکی ئایندەیی و نەخشەیەکە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام تا چەند دەکرێت بچێتە باری جێبەجێ بوونەوەو چەند دەخایەنێت. پرۆسەیەکە لەباری عەمەلیەوە نادیارە کەی دەتونێ یەکلاییبێتەوە. بەڵام لەلایەکی تریشەوە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا. دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی عێراق و سوریا بە جۆرێک سەرگەردان و شێواوە، یەکلاییبوونەوەی نەخشەیەکی لەو چەشنە بە ئاسانی نایەت بەدەستەوە. ئەم نەخشەو ئاراستەیە، کەمەبەست دڵنیاییە بۆ داسەپاندنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا، لە بەرانبەر ئەم دۆخەی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، کە لەلایەک باڵادەستی دەستەوتاقم و هێزی میلیشیاو گروپی تیرۆریستیە، لەلایەکی تریشەوە کە ئاراستەیەکی رۆشن و هاوبەش لە نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیادا تەماوی ماوەتەوە، دەیخاتەبەردەم ناکۆکی و ڕێگریەکی جددیەوە، کە بتوانێت پرۆسەیەکی خێراو سەرکەوتووبێت. هەربۆیە دەبینین پەلەقاژێی تەواوی هێزەکانی دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستاندا بە ئیسلامی شیعەو سونەوە، بە عروبەو کوردایەتیەوە لەلایەک لەژێر چەتری ئەو پێشهاتە بۆ ئاڵوگۆڕ، کەوتونەتە پێشبرکێ و شکاندنی سەروپۆتەڵاکی یەکترەوە. لەلایەکی ترەوە هەرلایەکیان پێویستیان بەوەیە ئەوە لەخۆی نیشان بدات شۆرەسواری ئەو مەیدانەیە. بەڵام لە دنیای واقعدا جگە لە قوڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان هیچی تریان نەداوە بەدەستەوە. هەر ئەم نەگونجانەی ئەم هێزە تاڵانچی و گەندەڵ و جەردانەی، کە ناتوانن بێ هێزی میلیشیا خاوەنی دەسەڵات و داگیرکەر بن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ بەردەوامیان بە داسەپاندنی نائارامی و نەبوونی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، بە مانایەک ئەو هێزو پێکهاتەیە نین و شانوشەوکەتی ئەوەیان نیە،کە بتوانن بچنە ناو پرۆسەی پاراستن و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ ئاستی گەشەی سەرمایەگوزاری بۆئاستێکی فراوان لە ناوچەکەدا. تەنها ئیکتفاکردن بەداگیرکرن و بەتاڵان بردنی چاڵە نەوتەکان و چەتەیی و قاچاخچێتیەوە دەتوانن درێژە بە ژیانی سیاسیان بدەن.
ئەم قەیرانەی ئێستا هێزەکان لەناو دیاردەی نەتوانینی پیکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەرگیری بوون، ئامادەنەبوونی هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ دیاریکردنی هەڵبژاردن لە هەرێمدا، بەجیا لە

هۆکاری بونی نارەزایەتی بەرفراونی جەماوەری، لەهەمانکاتدا ئاکامی پێشهات و هەوڵی ئەو گۆرانەیە بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و ئارامی لە ناوچەکەدا پێویستە بکرێت. ئەم پێویستیەش پێگەی ئەو هێزە میلیشیایانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. مەرجێکی گرنگی دابینکردنی ئەمنیەت لە ناوچەکەدا پێویستی کۆتاییهێنانە بەهێزی میلیشیا، بەڵام لەهەمانکاتدا مەرجی مانەوەی دەسەڵاتی ئەو هێزە ئیسلامی و تائفی و قەومپەرستانەش مانەوەی هێزە میلیشیاکانیانە. ئەمەش ئەو ناکۆکیەیە، کە ئەو هێزانە لە عێراق و کوردستان لە بنبەست و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە.
لەم نێوەدا دەبینین لەناو کێشەکانی ئێستای هێزە جۆراوجۆرەکانی شیعە و سونەکانی عێراقدا بە ئاشکرا بەلایەنگری بە ئەمریکا یان لایەنگری بۆ ئێران دابەشبوون:"سەدرو دارودەستەکە"ی بە ناوی حکومەتی زۆرینە لەژێرکاریگەری دەوری سیاسەتی ئەمریکادا سەنگەریان گرتووە و"چوارچێوەی هەماهەنگ" ی هێزە شێعیەکان وابەستەیە بەسیاسەت و دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئێران لە عێراقدا. پارتی و یەکێتی لەونێوەدا لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشەی سیاسی و پێشبینی بۆ ئاستی هاوسەنگی هێزەکان ئەمسەرو ئەوسەر دەکەن و لە بەرەیەکدا ناگیرسێنەوە. هەرلایەکیان بەرژەوەندی ئایندەی گونجانی هێزەکەی لەگەڵ پێشبینی هاوسەنگی هێزو سەرکەوتنی هەرلایەنێکدا چاوشارکێ دەکەن و لە چاوەڕوانیدان. یەکهەڵوێستی و بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان نییە. ئەم سەرەوژێرو هێنانوبردنە بۆ تەواوی هێزەکان، لەو کەناڵە ئاو دەخواتەوە، کە لەلایەک ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دابین بکرێت، لەلایەکی ترەوە هیچ وەڵامێکیان بۆ خواستی خەڵک و نارەزایەتی جەماوەری نیە. بۆیە نە حکومەتیان بۆ پێکدێت، نە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەتوانێت وەڵام بێت بە کێشەکانی نێوانیان. تا ئەم دۆخەش بەلایەکدا نەکەوێت، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمیش ناتوانێت هیچ شتێک لە گۆرینی هاوکێشەی سیاسی بدات بەدەستەوە، گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن تەواو خراوەتە سەربەڕە.
دەرگاکان لە ئێستادا بۆ ئەو بەشە لە بۆرجوازی عەرەب و بۆرجواری کورد، کە دەیانەوێت بەهەمان شێوازی تەوافقی و بەشبەشینەی پێشویان و بە هێزی میلیشیاوە بەردەوامی بە پێکهێنانی حکومەت و بەدەسەڵاتی سیاسیان بدەن، کراوە نییە و بە بنبەست گەیشتووە. کەی دەتوانن ئەو دەرگایە بخەنە سەر پشت، کە بۆ خۆیان پێناچێت بتوانن ڕێگایەکی هاوبەش و سەرکەوتوو لەبەرژەوەندی تەواوی لایەن و هێزەکانیان ساغکەنەوە، بەڵکو لەبەردەم ناکۆکی و چاوەڕوانیەکدا قەراریان گرتووە، هەرلایەک ناچارە بەوەی تا چەند دەتوانێ ملی لاکانی تر بشکێنێت و لەهەمان کاتدا هەوڵی تاڵانچێتی و گەندەڵیش لەدەست نەدات.
ئەم دۆخە لە پەیوەندی نێوان ئەو هێزە سیاسیانەی ئێستا کە لەدەسەڵاتدان و لەگەڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق و کوردستاندا، درزێکی گەورەی وەها بێوێنەیان سەپاندووە، کە هەڵبژاردن نەک ناتوانێ وەڵامدەرەوەی بنبەست و قەیرانەکەیان بێت، بەڵکو پرۆسەی هەڵبژاردن لە دۆخێکی وەک ئێستادا بەقازانجی هیچ لایەنێکیان یەکلایی نابێتەوە، بۆیە جگە لەکۆتایی و ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە بە خرۆشانی جەماوەری و دابینکردنی دەسەڵاتی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی، هیچ ڕێگایەکی تر کارسازو عەمەلی نیە بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمو نائارامی و گێژاوە سیاسیە. هەوڵدانی وولاتانی ڕۆژئاوا و دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیا تەنیا بۆ دابینکردنی پاراستنی دۆخی ئارامی و ئەمنیەتە بۆ سەرمایەگوزاری، هیچ پەیوەندی و ئاسۆیەکی بۆ خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسودەو ئارامەوە نییەو نابێت بۆ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە. چاوەڕوانی لە دۆخێکی ئەم چەشنەی ئێستای عێراق و کوردستان بۆ هەر ئایندەیەک، گەر بە غەیری دابینکرندنی دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری نارازی لەدەسەڵاتی سیاسیدا ساغبێتەوە، کوشندەیەو دووبارەبوونەوەی کارەساتە لە شێوازو کاتێکی تردا.